# ئیسلام و راگەیاندنی مۆدێرن ؟!

نوسینی: محەمەد رەزا رەزایی بایندەر
وەرگێڕانی: گوڵاڵە عەلی



تاوتوێ کردنی گۆڕانکارییە بەرفراوانەکانی ئەم دوو سەدەیەی کۆتایی کەلەدونیادا رووی داوەو پرۆسەی بە پیشەسازی کردن و بە مۆدێرنە کردنی بەرەو پێش بردووە ئەوە دەخاتە روو کە دنیای ئیسلام بەرامبەر ئەم گۆڕانکاریانەو هەروەها پەیوەندی خۆی لەگەڵ دونیای رۆژئاوادا رەشبین بووەو لەهەمبەر ئەوانەشدا خۆڕاگربووە، بەڵام لە راستیدا ئەوەی هەستیاربوونی موسڵمانانی ئەوروژاند نوێگەراییکردن نەبوو بەڵکو گواستنەوەی ئایدۆلۆژیای خۆرئاوابوو بۆ جیهانی ئیسلام، هەژموونی زانیاریەکان لە جیهانی رۆژئاواوە بۆ جیهانی ئیسلام چەند پرسێکی دەخستە روو کە باوەڕ و ناسنامەی موسوڵمانانی رووبەڕووی چەند کێشەیەکی بونیادی دەکردەوەو هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی فاکتەربوون وئاسایی بوو راگەیاندنە مۆدێرنەکان بەدەستی پیاوانی دەوڵەتەوە بێت و خەڵک متمانەی بە زانیاری و ناوەڕۆکی ئەو زانیاریانە نەبێت، هۆکارێکی دیکەش دەسەڵاتی رۆژئاوا بەسەر تەکنەلۆژیای راگەیاندنەکان و ئامادەو پەخشی بەرنامەکان و هەژموونی بەرنامە رۆژئاواییەکان بەسەر پێرستی پەخشی تەلەفزیۆنەکان و نەبوونی چاودێرییەکی پێویست بەسەر ناوەڕۆکی بەرنامەکان، بەهەرحاڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە چوارچێوەی پەیوەندییەکان فاکتەری بڵاوبوونەوەیەکی بەرفراوانی راگەیاندنەکان بوو لەسەرانسەری جیهانداو بەتایبەتی جیهانی ئیسلام و زۆرێک لە موسوڵمانان وایان لێهات تالەم ئامرازە بەقازانجی خۆیان سوود وەرگرن، پرۆفیسۆر مەولانا لەو باوەڕەدایە کەلە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، سێ گۆڕانکاری ریشەیی ، ئاسەوارێکی قوڵیان لەسەر ناوەڕۆکی زانیارییەکان لە جیهانی ئیسلامدا بەجێهێشت، ئەو گۆڕانکاریانەش بریتی بوون لە:-

ا- کودەتای کۆماری ئیسلامی ئێران و کاریگەری ئەم کودەتایە لەسەر رەوتە سیاسیەکان، بزوتنەوە ئایینییەکان و رەوتە فیکریەکان، کە بە ئیسلامکردنی راگەیاندنەکانی خستە روو هەروەها (ئیکۆلۆژی) یاخود ژینگە ناسی، پەیوەندیەکی نوێی لە هەندێ

لە ناوچەکانی جیهاندا بەدی هێناوە.
ب -لێکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت و دروست بوونی چەند وڵاتێکی تازە سەربەخۆی موسوڵمان لە ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز توانای پەرەپێدانی تۆڕی بەربڵاوی پەیوەندیە ئیسلامیەکانی بەرز کردەوە.
ج - پەرەسەندنی پەیوەندیە دوور دەستەکان و گەشەسەندنی بەرچاوی تەکنەلۆژیای راگەیاندنەکان لەئاستی نەتەوەیی و نێو دەوڵەتیدا لەرێی مانگە دەستکردەکان و شوێنەواری کۆمەڵایەتی ئەوانە لەسەر یەکپارچەیی جیهانی ئیسلام و پەرەسەندنی کلتور، کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسی وڵاتانی موسوڵمان گیانێکی نوێی بە رۆڵی راگەیاندنەکانی ئەم وڵاتانە بەخشی.
پەرەسەندنی مانگەدەستکردەکان و شکانی سنوورە باوەکانی جوگرافیایی و کلتوری، بوونە فاکتەری هێرشی زانیارییە ناسازگارەکان بە جیهانی ئیسلام، هەربۆیە بیرمەندان و خاوەن دیدگاکانی موسوڵمانانی رووبەڕووی چەندین گیروگرفتی نوێ کردەوە، یەکێک لەگرنگترینی ئەو مەسەلانەی کەلەم گۆڕەپانەدا خراوەتە روو، پێویست بوونی بەرێ خستنی چەند کەناڵێکی ئاسمانی ئیسلامی بوو، لەسەرەتادا گەڵاڵە کردنی ئەم بابەتە چەندین پرسیاری جۆراوجۆری خستەروو کە گرنگترینی ئەوانە ئەم دوو پرسیارە بونیادییەبوو، کە ئایا لە بنەڕەتدا پێویستی هەبوونی کەناڵێکی ئاسمانی ئیسلامی لە جیهانی مۆدێرنەدا هەیە؟ دەبێت ئەم جۆرە کەناڵە چۆن پێناسە بکرێت و ئایا دەتوانرێت واگومان ببرێت کەئەو بەرنامانە بەرامبەر بە بەرنامە مەزهەبییەکان دابنرێت کە زیاتر لە تەلەفزیۆنی وڵاتە ئیسلامییەکاندا باوە؟
لە درێژایی دەیەی ١٩٩٠دا، زۆرێک لە پسپۆڕ و خاوەن دیدگایانی موسوڵمان پێویست بوونی دامەزراندنی چەندین کەناڵی ئاسمانی ئیسلامییان بە پێویست زانیبوو و تەنانەت لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی موسوڵمانانی ئەمەریکای باشوور (بەرازیل. ١٩٩٤) جەختیان لەسەر دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی ئیسلامی وەک پێشنیارێکی بنەڕەتی کردبووەوە. بەشداربوانی ئەم کۆنفرانسە ئاماژەیان دابوو بەوەی کە دامەزراندنی ئاوەها کەناڵێک بۆ ئەو موسوڵمانانەی کە لە وڵاتانی نائیسلامیدا دەژین، وەک کەناڵێکی جێگرەوە، پێویست و ئێجگار سوود بەخشە.
لەنێو چەندین بەڵگەی جیاوازدا کە بۆ وەگەڕخستنی کەناڵە ئاسمانییە ئیسلامییەکان خراوەتە روو، دەتوانرێ ئاماژە بەم چەند خاڵەی خوارەوە بکرێت:-
١-پەرەسەندنی پەیوەندییە ئاسمانییەکان بۆتە فاکتەرێک تا نەتەوەکان بۆ بەهرەمەند بوون لەم راگەیاندنە بەهێزە لەگەڵ یەکدیدا کێبڕکێ بکەن، ئێستا ئەم راگەیاندنە گۆڕاوە بە ئامرازێک بۆ ناساندنی شوناس و بەدەست هێنانی خواست و حەزەکان، ئەم بابەتە دەبێتە هۆکار تا سوود وەرگرتن لە کەناڵە ئاسمانییەکان بۆ خزمەتکردن بە ئیسلام و موسوڵمانان پێویست بێت.
٢-لەسەرانسەری جیهاندا، زۆرێک لە موسوڵمانان بەهۆی دەرکێکی هەڵە لە ئیسلام بوونەتە خاوەنی چەندین بیروباوەڕی شێواو، هۆی ئەم مەسەلەیە لەلایەکەوە پەیوەستە بە پەرەسەندن و دەسەڵاتی کلتوری رۆژئاواو لەلایەکی دیکەوە پەیوەستە بەناسازگاری و رێکنەکەوتنی شانەو قوتابخانە فیکری و بزوتنەوە مەزهەبییەکان لەجیهاندا، ئەم پرۆسەیە بۆتە فاکتەرێک تالە گۆڕەپانی جیهانی ئیسلامدا هەندێک لە رێڕەوی ئیسلام لادەن و شوناسی دینی خۆیان لەدەست بدەن و لەبەرامبەریشدا هەندێکی تر بە دیدگاو بیروباوەڕی توندڕەوانەوە پابەندبن کە سازگارییەکی کەمی هەیە لەگەڵ پایەو بنەماکانی ئایینیدا، بوونی کەناڵە ئاسمانییە ئیسلامییەکان نەتەنها دەبێتە فاکتەری نەمانی زۆرێک لە خراپ تێگەیشتن و دەرک نەکردنی ئایینی ئیسلام، بەڵکو فاکتەری زیادبوونی هۆشیاری دینی بینەرانەو بە پەرەسەندن و دروست کردنی شوێنەواری زانستی مەزهەبی دێتە ئەنجام.
٣- بە دەیان ملیۆن موسوڵمان بە شێوازی کەمینەی مەزهەبی لە کۆمەڵگاو وڵاتانی نائیسلامی، بە تایبەت لەئەورووپا و ئەمەریکا، ژیان بەسەر دەبەن و دەرفەتێکی سنووردراریان بۆ بەهرەمەندبوون لە زانیارییەکی لەم رووەوە ورد و دروست لە کلتورو زانستە ئیسلامییەکان هەیە، ئەوان پێویستیان بە سەرچاوەیەک هەیە تا لە رێیەوە ئەو پەیوەندییەی خۆیان لەگەڵ ریشاڵە ئایینیەکەی خۆیان بپارێزن و پارێزگاری لە شوناسی خۆیان بکەن، بوونی

کەناڵی ئاسمانی ئیسلامی، دەتوانێت لە ڕێی فەراهەم کردنی ناوەکی بوونی فیکری و مەعنەوی، تایبەتمەندییەکان و دەست نیشانکردنی کلتوری ئەوانە بە هێزبکات ومتمانە بەخۆیەکی پێویستیان پێ ببەخشێت لە هەمبەر مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگا نائیسلامییەکانداو دووریشیان بخاتەوە لە توندڕەوی بەرەو کەناری ئارامی و میانڕەویەکی ئایینی مەدەنی.

٤-ئەو وێنەیەی کەلە ئیسلام دەخرێتە ڕووله زۆرترینی کۆمەڵگاکاندا بە تایبەت لە ڕۆژئاوادا، وێنەیەکە سەراپا شێواوەو ئەرکی کۆمەڵگایانی موسوڵمانە کە وێنەیەکی ڕاست و دروست لە ئیسلام بناسێنن بە جیهان، بێ گومان لەگەڵ سەرنجدان بە دەسەڵات و تواناکانی تەلەفزیۆن، کەناڵە ئاسمانییە ئیسلامییەکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان هەیە لە بەدەست هێنانی ئەم ئامانجەدا.
لەم ساڵانەی دواییدا. بە پێویست بوونی دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی ئیسلامی لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا جەختی لەسەر کراوەتەوە تەنانەت لە سێیەمین کۆنفرانسی وەزیرانی کلتوری وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی (OLC) کەلە ساڵی ٢٠٠١دا لە دەوحەی پایتەختی قەتەر بەسترا پێشنیاری دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی ئیسلامی پەسەند کراو جێبەجێ کردنی خرایە ئەستۆی ڕێکخراوی زانستی فێرکاری و کلتوری وڵاتانی ئیسلامی (ISESCO).

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە خرایە بەردەم وەزیرانی کلتوری وڵاتانی ئیسلامی ئەوەبوو کە ئایسسکۆ پێویست بوونی کەناڵێکی ئاسمانی ئیسلامی بەگرنگ زانی بۆ هۆشیاری و بڵاو کردنەوەی کولتوری لێبوردەیی ئایینی، لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژە کرابوو بەوەی کە زۆرێک لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ناو وڵاتانی موسوڵمان تەنها بەرنامە نەتەوەییەکانی خۆیان لە ڕێگای مانگی دەستکردەوە پەخش دەکەن و خەمێکی کەمیان هەیە لەسەر بابەتە هاوبەشەکانی جیهانی ئیسلام، ئەگەر ئەم کەناڵانە لەسەر بابەتە هاوبەشەکانی جیهانی ئیسلام تەرکیز بکەن، ڕۆڵێکی کاریگەرتر بە یەکێتی مسوڵمانان و وێنا بەخشین بە ئەندێشەی گشتی و دیدگا ئیسلامییەکان دەبەخشێت، هەروەها ئایسسکۆش ئاماژەی بەم خاڵە کردبوو کە ئەگەرچی مسوڵمانان لە ڕووی ئابووری و هێزو توانا مرۆییەکان دەسەڵاتێکی بەرچاویان هەیە لە جیهاندا، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە ڕێکخراوێکی ڕاگەیاندنی بە توانایان هەبێت بۆ گەیاندنی دەنگی ئیسلام و بەرگری لە مەسەلەی مسوڵمانان. لەم ڕووەوە، کەناڵە ئاسمانییە ئیسلامییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لەبەهێزکردنی دەسەڵات و چاکسازی وێنەو پاراستنی پلەوپایەی مسوڵمانان لەبەردەم جیهانیاندا دەگێڕن، لەبارەی پێناسەو ناوەڕۆکی کەناڵی ئیسلامییەوە، لێکۆڵەران چەندین دیدگای جیاوازیان هەیەو هەندێک لەوانە بڕوایان وایە کە کەناڵە ئیسلامییەکانیش هەم لە تیۆرو هەم لە کرداردا ڕاستەوخۆ بەدوای بەرفراوان کردنی بەرنامە مەزهەبییەکانی تەلەفزیۆن دان هەندێکی تریش کەناڵە ئاسمانییەکانیان بە کۆمەڵێک لە وەعز و ئامۆژگاری مەزهەبی زانیوە کەلە ڕێگای کەناڵی ئاسمانییەوە پەخش دەکرێت و هۆگرانی ئەم کەناڵانەش کەسانێکی مەزهەبی پێکی دێنن کە حەز بەسەیرکردنی کەناڵەکانی تر ناکەن.
بەهەرحاڵ، ئەم دیدگایانە لەڕاستیدا هەڵەن و نەیانپێکاوە لە بنەڕەتدا چەندین جیاوازی بونیادی هەیە لە نێوان ڕاگەیاندنی وەعزو ئامۆژگاری و وتاردان و ڕاگەیاندنی



ئیسلامیدا دەتوانرێ بووترێ : راگەیاندنی ئامۆژگاری و وتاردان بە بەشێک لە راگەیاندنی ئیسلامی هەژمار دەکرێت و بە واتایەکی تر، راگەیاندنی ئیسلامی کۆی هەموو راگەیاندنەکانە و بە راگەیاندنێکی گشتگیر دێتە هەژمار، بە تریبیۆنی بنەڕەتیترین راگەیاندنی بانگەوازو ئامۆژگاری لەم رووەوە دەژمێردرێت ، راگەیاندن بەو چەمکە مۆدێرنەی کە هەیەتی جیاوازی زۆری لەگەڵ وەعزو ئامۆژگاریدا هەیە، بە واتایەکی وردتر، راگەیاندن بۆ ئامانجێکی سەروتر لە ئامۆژگاری بەکار دەبرێت و تێیدا، پەخشی هەواڵەکان وبەرنامەی سەرگەرمی و تەنانەت ئاگاداری و ریکلامەکان جێگای خۆی هەیە.

خاڵێکی بەرچاوتریش کە دەبێت جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە کەئەو کەناڵانەی لەلایەن مسوڵمانان یاخود وڵاتێکی ئیسلامییەوە دەخرێتە گەڕ، تاکاتێک لە رووی لێکچوو بەئایدۆلۆژیای و دیدگای ئیسلام بە جیهان و ژیان وجۆری مرۆڤ جەختی لەسەر نەکرێتەوە بە راگەیاندنێکی ئیسلامی ناژمێردرێت.

پسپۆران و خاوەن دیدگایانی مسوڵمان دەبێت ئەو دیدگا هەڵانە راست بکەنەوە کە( راگەیاندنی ئیسلامی راگەیاندنێکە لەلایەن مسوڵمانانەوە دامەزرابێت؛ بەبێ ئەوەی لێکچووی ئەو لەگەڵ زانستی ئیسلام و رێسای ئەخلاقی ئیسلامییەوە جێگای سەرنج بێت) لەئەنجامدا، ئامانج و رەوشی راگەیاندن لە سایەی روانینە ئیسلامییەکان بە جیهان، ژیان ومرۆڤ بۆتە پاساو هەروەها ئایدۆلۆژیای ئیسلامی دەست نیشانکەری دەرەنجامی کاری گشتی و تایبەتی راگەیاندن و رەوتەکان و ئامرازو شێوازی پەخشی بەرنامەکان و ئەخلاق و رێسا سەپێنراوەکانی سەر ئەوە.

لە ئامانجە سەرەکییەکانی کەناڵی ئیسلامی دەکرێت ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت:

١-برەو دان بە چەمکە رەسەنە ئایینیەکان و کولتووری لێبوردەیی و مرۆڤپەروەری.

٢-وەدیهێنانی هەستێکی وابەستە بە شوناسێکی کلتوری.

٣-بەهێزکردنی تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی کلتوری ئیسلامی و دەست نیشانکردنی رۆڵی مسوڵمانان لە کلتوری مرۆییدا.

٤-پەخشی دیمەنێکی وردو روون و راست ودروست لە ئیسلام و چاکسازی بە هەڵە تێگەیشتنەکان لە ئیسلام.

٥-دروست کردنی کەش وئەنگێزەی گفتوگۆ لە نێوان نەتەوەکان و کردنەوەی رێگای دەستگەیشتن بە کلتورو کۆمەڵگاکانی تر.

٦-جەخت کردنەوە لەسەر پلەوپایەی ژن و روون کردنەوەی رۆڵی ژن لە بنیاکردنی کۆمەڵگای تەندروست و سەرنجێکی جدی بە بابەتەکانی پەروەردەو فێرکردنی نەوەی نوێ.

٧-هەوڵدان بۆ نەهێشتنی گرفتەکان وچارەسەرکردنی ئەو مەسەلەو بابەتانەی کە رووبەڕووی جیهانی ئیسلام دەبێتەوە.

٨-ناساندنی نەتەوە و وڵاتانی تری مسوڵمان و خەمخواردن لەسەر بارو هەلومەرجی کەمینەی مسوڵمانان لە گۆشەو کەنارەکانی تری جیهاندا.

ئەو حەزو خواستە بەرچاوەی کە بۆ چەند کەناڵێکی ئاسمانی ئیسلامی لە ئارادایە،بوو بەهۆی دامەزراندنی چەندین کەناڵی ئاسمانی ئیسلامی کە بەرچاوترینیان (اقرا)ە بەڵام دەبێت ئەوە وەبیربهێنینەوە کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم رەوتە پێویستە گشت وڵاتانی ئیسلامی بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە توانای نەرم ئامێرو سەخت ئامێری بەرزیان هەیەو خاوەنی تەکنەلۆژیاو سەرچاوەی دارایی بەهێزن، دەبێت چالاکانە بێنە گۆڕەپانی کارکردنەوە. بەتایبەت لە بڵاوکردنەوەی بەرنامە مەزهەبییەکان لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا بۆ نەتەوەکانی ترو زمانەکانی تریش ئاگاداربن کە ئەم رێگایە ئەگەری پەیوەندی بەرفراوانتر لەگەڵ بینەراندا دەستەبەر دەکات لە سەرانسەری جیهاندا بێ گومان، بوونی کەناڵی ئاسمانی ئیسلامی رۆڵێکی کاریگەری دەبێت لەچاکسازی وێنە شێواوەکانی مسوڵمانان و بەرگرتن لە زاڵ بوونی بیروبۆچوونە هەڵەکان و پەیوەندی ومامەڵەی نێوان کلتورە جیاجیاکانیش ئاسانتر دەکات.

سەرچاوەکان:

١-مولانا حمید(١٣٧٩) (چگونه تلویزیون در ایران اسلامی شد؟) سروش-١٠٢٦
2. Islamic-Broadcasting-Abdul Kader Tash.
3. www.tbsjournal.com